پاش ئاگرکەوتنەوە: مەوادی بەرگریکەر لە ئاگر و تەندروستی تۆ

زانیاری کۆمەڵگا

مەوادی بەرگریکەر لە ئاگر چییە؟

مەوادی بەرگریکەر لە ئاگر، مەوادی کیمیاین کە بەکار دەبردرێن لە هەرێمی ڤیکتوریا بۆ کۆنترۆڵی ئاگرکەوتنەوە لەلایەن بەڕێوەبەرایەتی ئاگرکوژێنەوە.

مەوادی بەرگریکەر داگری مەوادی کیمیایین کە بە گشتی لە پەینی کشتوکاڵیدا بەکار دەهێنرێت و بە بەکارهێنانی فڕۆکە یان کۆپتەری تایبەت دەرژێنرێتە سەر شوێنی ئاگرکەوتنەکە.

مەوادی بەرگریکەری کیمیایی کاتێک بەکاردەهێنرێن کە ئاگرکوژێنەرەکان بە سەختی دەتوانن بڕۆنە شوێنی ئاگرکەوتنەکە و یان کاتی گەیشتنی ئاگرکوژێنەرەکان زۆر بخایەنێت.

مەوادی بەرگریکەر بە شێوەی تۆز لە فڕۆشیارەکان دەکڕدرێن. ئەم تۆزانە بە ئامرازی تایبەت لەگەڵ ئاو ئاوێتە دەکرێن و مادەیەکی شل هەر وەک دۆشاوی تەماتە دروست بێت.

شێوازی کاری بەرگریکارەکان چۆنن؟

مەوادی بەرگریکار دەپرژێتە سەر ئاگر و یان لە درێژەی ڕێگاکەدا ئاگر دەپرژێندرێت تاکوو ڕێژە و فراوانی ئاگرکەوتنەکە کەم بکاتەوە. مەوادی بەرگریکەر کە دەرژێنترێتە سەر ناوچەی ئاگرکەوتنەکە وەک بەرگرێکی فیزیایی بەرگری دەکات لە درێژەی ڕەوتی ئاگرکەوتنەکە. مەوادی بەرگریکەر هەروەها پڕۆسەی سووتانەکە دەگۆڕن و دەبنە هۆی ئەمە کە ئاگرکەوتنەکە بەردەوام نەبێت.

مەوادی بەرگریکەر وەک بەربەستێک لەسەر ڕێگەی ئاگر دەبن. کاتێک کە گڕەکانی ئاگر دەگاتە ئەو ناوچەیەی کە مەوادی برگریکری پێدا ڕژێنراوە، کاردانەوی کیمیایی ڕوو دەدات کە دەبێتە هۆی وەستانی ڕەوتی ئاگرکەوتنەوەکە. ئاوێک کە لە مەوادی بەرگریکەردا هەیە تەنیا ڕۆڵی هەڵگری تۆزی بەرگریکەری لە ئەستۆیە. هەر بۆیە کاریگەری مەوادی بەرگریکەر تەنانەت پاش هەڵمبوونی ئاویش دەمێنێتە.

مەوادێک وەک کەفی ئاگرکوژێنەوە کە لە هەواوە دەپرژێنرێتە سەر ئاگریش، هەروەها بەهۆی زوو هەڵمنەبوونی ئاوی ناویان بۆ بەرگری ئاگر بەکار دەهێنرێت. ئەوان سووتەمەنی (چیمەن، دار و دەوەنەکان) دادەپۆشن و بەرگری دەکەن لە ئاگرکەوتن یان ڕەوتی ئاگر کەوتنەکە هێواشتر دەکەن.

بڵقەکانی ناو کەفی بەدیهاتوو، بەشێوەیەکی کاریگەرتر سوودمەنتر دەکەن لەم ڕێگەوە کە، ئەوان ئاستی ناوچەکە فراوانتر دەکەن، ڕێگە بە ئاو دەدەن تا سووتەمەنییەکە بەشێوەیەکی یەکدەست داپۆشن و خێرایی ئاو لە کۆکردنەوەی سووتەمەنی و تەشەنەی ئەو بۆ ناو زەوی کەم دەکەنەوە.

بەرگریکەرەکانی ئاگر لە چ مەوادک دروست بوون؟

Department of Environment, Land, Water and Planning (DELWP) بەرگریکەرە درێژخایەن وەک 'Phos-Chek MVP-F' بەکار دێنن. پێکهاتەی سەرەکی بەرگریکارەکان، دیئامونیۆ و فۆسفاتی ئامونیامی تاک، بڕگەیەکی خەستکەرەوە، ڕاگر و ڕەنگییە کە بەهۆی تیشکی خۆرەتاو کەم کەم نامێنن. هۆکارەکانی بەکارهێنانی بڕگەیەکی ڕەنگین ئەوەیە کە کەسی بەکارهێنەربزانێت کە ئەم مادە شلەیەی لە کام بەشدا بەکار هێناوە.

پێکهاتەی بەرگریکەرەکانی برۆمدار چۆنە؟

بەرگریکەرەکانی پۆلی برۆمدار (PBERs) کۆمەڵێک مەوادی کیمیایین کە بە فراوانی لە کەلوپەلی ماڵەوە و لە پیشەسازیدا بەکاردەهێنرێن هەر وەک ئامیری کارەبایی و ئەلکترۆنی (وەک کۆمپیوتەر و تەەفێزیۆن)، چنراوەکان، مۆبیلیاتی فۆمی، فۆمی ئیسۆلە (جیاکار) و هەروەها مەوادی دیکەی بەکارهاتوو لە بینکاندا. ئەم جۆرانەش هەندێ جار بەرگریکەری ئاگریان پێ دەوترێت بەڵام پێکهاتەکەیان بە تەواوی لەگەڵ پێکهاتەی کیمیایی سەرەوە جیاوازە و بۆ کوژاندنەوەی ئاگرمکەوتنەکان بەکارناهێنرێن.

کاریگەری سەر ژینگە و تەندروستی چۆن هەڵسەنگاندن دەکرێن؟

مەوادی بەرگریکەر و کەفەکانی ئاگر کوژێنەوە کە لەلایەن فرۆکەوە بڵاو دەبنەوە، لە بواری کاریگەریانەوە لە سەر تەندروستی و ژینگە لە هەرێمی ڤیکتوریا تاقی کراونەتەوە لەلایەن United States Department of Agriculture. هەردوو بەرهەم لە لایەن USDA تاقیکراونەتەوە.

لە ئۆسترالیا، توێژەران گەیشتوون بەم ئەنجامە کە بەرگریکەرەکانی تایبەت بە ئاگری درێژماوە کاریگەری دەبێت لەسەر هەندێ گژ و گیای ناوچەیی (کە دەبێتە هۆی زیانی ئاست نزم لەسەر گەشەی جۆرە نوێیەکان). گیا و گیانداران کە لە ئاودا دەژین زیاتر لە ئاست ئەم بەرگریکەرانە هەستیارن بە تایبەت کەفەکان دەتوانن شوێنی ئاوی ژەهراوی بکەن. هەر بۆیە، فرۆکەوانان هەوڵ دەدەن کە بەرگریکەرەکان لە شوێنەکانی نزیک بە ئاو نەپرژێنن

ئاخۆ بەرگریکەرەکانی ئاگرکەوتنەوە کاریگەری هەیە لەسەر تەندروستی؟

بە پێی تاقیکارییەکان، ئەم مەوادە کیمیاییانە دەتوانن کەمێک هەست بە سووتانەوە و ئازار بەدی بێنن. تۆزی خەستکراوە دەتوانێت کێشەی هەناسەدان لە ئاستێکی نزمدا بۆ کرێکاران بەدی بێنیت. کاتێک کە ئەم تۆزە لەگەڵ مەوادەکانی دیکە ئاوێتە بێت، ئیتر لەسەر تەندروستی کاریگەری نابێت. کرێکاران دەبێ لە کاتی کارکردن دەستکێش، چاوبلکە پارێزەر و دەمامک تایبەت بە تەپ و تۆز بپۆشن.

من لە ناوچەیەک دەژیم کە توانای بەرزی هەیە بۆ ئاگرکەوتنەوە – ئەگەر خەزانی ئاو هەبێت دەبێ چ شتێک ڕەچاو بکەم؟

- بۆ بەرگری لە چوونەژووری ئاوی پیس، دەرچەی پەیوەندی جیاکەرەوە.
- ئامێرێکی بگۆڕی یەکەم تەوژمی لە خەزانەکەدا دانێ و یان دڵنیا بەوە کە یەکەم تەوژمی ئاو پاش باران نایەتە ناو خەزانەکە. بەم کارە، ئاوێک کە لەسەر سەقفەکەت بەرەو خەزان دەڕوات (وە لەوانەیە خاوەن بەرگریکەری ئاگر بێت)، ناتوانێت بڕژێتە ناو خەزانی تۆ. هەر وەها خۆڵی ڕەڕی، خۆڵەمێش و پیساییەکانی دیکە ناتوانن بڕژێنە ناو ئاوی خواردنەوەت.

ئەگەر مەوادی بەرگریکەری ئاگر ڕژانە ناو خەزان

- ئاوەکە مەخۆرەوە. ئاوێک کە ڕێژەیەکی زۆری مەوادی کیمیایی هەبێت، بۆنێکی زۆر ناخۆشی هەیە و تامەکەشی سۆیرە. هەر بۆیە شیاوی خواردنەوە نییە چ بۆ مرۆڤ و چ بۆ ئاژەڵ (ئاژەڵی ناوماڵ یان ئاژەڵ) .
- لەگەڵ ئەوەشدا دەتوانن بەکاری بێنن بۆ ئاودێری گژ و گیا و کوژاندنەوەی ئاگر.

ڕێنمایی پێویست لە کاتی خاوێنکردنەوەی پاشماوەی بەرگریکەرەکانی ئاگر

- ئەگەر بەرگریکەرەکان لەرێگەی هەوا یان بە شێوەی کەف تەشەنەیان کردۆتە ناو ماڵ یان سەیارەکەت، گیراوەیەک لە پاککەرەوەی سووک و ئاو دروست بکەن و بە فڵچە یان دەسڕێی زبر شوینەکە بسڕە و پاشماوەکە تەڕ بکە و بە تەواوی بە ئاو بیشۆرە. بە ئاوی پاک و خاوێن شوردنەکە ئەنجام بدە. شۆردن بە زەختی بەهێزی ئاو دەتوانێت یارمەتیدەر بێت بەڵام ناتوانێت بەدیلێک بێت بۆ سڕینەوە شوێنی پیساییەکە. لەمەڕا کە لەوانەیە شوێنەکە خلیسک بێت، پێڵاوێک بکە پێت کە نەخلیسکێت و هەتوەها دەستکێشیش لە دەستت بکە.

بۆ زانیاری زیاتر

بۆ زانیاری زیاتر دەربارەی بەرگریکەرەکانی ئاگر و تەندروستی خۆت پەیوەندی بکە لەگەڵ یەکەی تەندروستی ژینگە لە Department of Health and بە ژمارە تەلەفۆنی 1300 650 172.

زانیاری زیاتر دەربارەی بکارهێنانی بەرگریکەرەکانی ئاگر پەیوەندی بکە بە Department of Environment, Land, Water and Planning بە ژمارە تەلەفۆنی 136186 یان سەردانی ماڵپەڕی خوارەوە بکە: www.delwp.vic.gov.au

زانیاری زیاتر دەربارەی بکارهێنانی بەرگریکەرەکانی ئاگر لە بارودۆخی تایبەتدا، پەیوەندی بکە بە هێڵی پەیوەندی زانیاریەکانی ئاگرکەوتنەوەی هەرێمی ڤیکتوریا بە ژمارە تەلەفۆنی 1800 240 667.

مۆڵەتی چاپ و بڵاوکردنەو لە حکەمەتی هەرێمی ڤیکتوریا، Treasury Place, Melbourne 1
© ویلایەتی ڤیکتوریا، Department of Health ، فیبریوەر(شوبات)ی 2021.